کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 17:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئاستی هەواڵ لە - کوردستانی نوێ- دا ... سەربەست

.

سالّی پانزەهەم – ژمارە (4139) چوارشەممە 2006/12/6

## لێپرسراوی پەیوەندییەکانی ی.ن.ك، پیرۆزبایی لەسەرۆك كۆمارو گەلی فینلەندا کرد

سەرۆک کۆمارەکانی جیهان بەبۆنەی ساڵیاد و ڕۆژە پیرۆزەکانەوە بەشێوەی ڕەسمی پیرۆزبایی لەیەکتر و گەلی یەکتر دەکەن. کارمەندانی حکومی وڵاتەکان هەرکەسەو لە هەر پلەیەکدا بێت بەرامبەر بە هاوتاکەی خۆی هەڵسوکەوت دەکات.

بەڵام عاجباتی ئەوەیە کە لە کوردستانی نوێدا هەواڵی ئەوەی کە گوایە کەسێک ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی وڵاتێکی دوورەپەرێز و سارد وسڕی وەکو فینلەندا، کە پێم وایە لەڕووی ژمارەی ئەندامانەوە بچووکترین کۆمیتەی ئەوروپایە. ئەوجا نەک بەرپرسی ئەو کۆمیتە یە بەڵکو کارگێڕێکی ئەو کۆمیتەیە کە لەکاتی دابەشکردنی ئیشوکارەکان لەنێوان کارگێڕەکان بە بەرپرسی پەیوەندیەکانی کۆمیتەکە دەستنیشانکراوە، کەچی بە ناوی لێپرسراوی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە گوایە (بروسکەیەکی ڕەسمی ئاراستەی دیوانی پاشایەتی کردووە و پیرۆزبایی لە سەرۆک کۆمار و گەلی فینلەندا کردووە) ...

ئەگەر کوردستانی نوی گوێی نەدابێتە هەڵە تەعبیریەکانیش، وەکو ئەوەی جارێ لە فینلەندا پادشایەتی نیە و پاشاگەردانیش نیە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کە ڕەسمی و ناڕەسمی لەیەکتر جیابکاتەوە.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەر کەسێک ئارەزووی لێ بێت دەتوانێت نامە بۆ هەر بەرپرسێکی حکومی بنێرێت.. ئەوان ئیمایل و ژمارە تەلەفۆن و ئەدرێسیان لە بەردەستی خەڵکی داناوە بۆ هەڵسووڕاندنی ئیش وکارە ئیداریەکان.

بۆ ئێمەی کوردیش دروستکردنی دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی کوردستان کارێکی گرینگ و پیرۆزە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەمڕۆ کورد حکومەتە و حکومەتی هەیە و دام و دەزگای هەیە، بگرە سەرۆک کۆماریشی هەیە.. پیشاندانی جوانترین نموونە بۆ کورد ئەوەیە کە هەر ئۆرگانێک بەشێوەیەکی سیستەماتیک کاری خۆی بکات بۆ ئەوەی میکانیزمەکە بەجوانی ئیش بکات. بەلای سەرۆک کۆماری فینلەنداوە شتێکی ئاساییە کە ئەگەر لە هەر کون و قوژبنێکەوە خوێنگەرمێک نامەیەکی ئاراستە بکات، بەڵام بەلایەوە ئاسایی نیە ئەگەر ڕۆژنامەی زمانحاڵی حزبەکەی سەرۆک کۆماری عیراق ئەو شتە بەڕەسمی لە قەڵەم بدات. ئەوسا ڕۆژنامەکەش دەبێتە ڕۆژنامەیەکی خوێنگەرم.

خۆ هەڤاڵ مام جەلال دەیتوانی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی فینلەندا بنێرێت، ئەوەشی باش لەبیرە کە فینلەندا پیرۆزبایی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری لە جەنابی نەکردووە، وە ئەوەش دەزانێت کە ماوەیەکی زۆرە نێوانی حکومەتی فینلەندا لەگەڵ ئەمەریکای دۆست و هاوپەیمانی کورد لەوپەڕی خراپیدایەو گرینگترین هۆیەکانی ئەوە خراپیەش پەیوەندیان بە عیراقی فیدارلەوە هەیە.

ئەمجا ئاخۆ مەبەستی کوردستانی نوێ لە بایەخ دان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی لەو بابەتە بانگەشە کردنە بۆ پەیوەندیەیەکی باشی نێوان عیراقی فیدرال یان حکومەتی کوردستان و فینلەندا کە وجودی نیە؟ یان شتێکی ترە کە ئەویش هەر وجودی نیە؟